# بەرزەخ

قوباد جەلیزادە

مەبوورە

مەمبوورە

لێم مەبوورە

ئەوەندەی دەستم لەسەر گومبەزی مەمکدا گرمۆڵە بووە،

نیو ئەوەندە پانم نەکردۆتەوە بۆ دوعا!!

مەبوورە

مەمبوورە

لێم مەبوورە

ئەوەندەی لەبەر دەم سەمایەکی رووتا، کڕنۆشم بردووە،

نیو ئەوەندە لە سەر سینگی بەرماڵێکدا نەنووشتاومەتەوە!!

مەبوورە

مەمبوورە

لێم مەبوورە

ئەوەندەی لە گۆمە گەرمەکانی لەشی ژن دا مەلەم کردووە

نیو ئەوەندە باسکم بۆ هەڵگرتنی دەستنوێژ

هەڵنەکردووە!

مەبوورە

مەمبوورە

لێم مەبوورە

کە سینگم پارچەیەك دەغڵ بێت لە پرچی ئەو ژنە شێتانەی،

تاوێك لەگەڵ مندا خەوتن و

تاڵێك له قژیان بەجێما!

لێم مەبووره

مەمبووره

مەبووره

رۆحم تەڕ تەڕه له عەورەتی ژن

دەستم به دەنکه هەنارەکانی گوناه سوور

چاوێکم چلچرای مەمك و

چاوێکم رێژنەبارانی شەراب

دەمم باخچەیەك شێعری حەرام و

هەناسەم

پۆله پەپوولەیەکی فاحشه!

خودایه به چ رووێکەوه تکای چۆڕێك سەلسەبیل و

شنەی گەڵایەکی توبا و

ژوانی مەمکی فریشتەیەکت لێ بکەم،

که من هێشتا بۆنی غەسساقێکی عەنکاوه و

چرپەی گەڵایەکی تووی مەلیك و

گۆی مەمکی ئادەمییەك بەرینەدابم!

به دەرەرکەوانەکانی بەر دەرکەی "رەییان" بڵێم چی،

که من هێشتا مناڵێکی گەڕەکی سێو بم و

دڵم به سەر کۆڵانەیەك ماچ دا بڕوانێت!

مەبووره

مەمبووره

لێم مەبووره

پەنجەكانم لە رنینی هێشووی ترێ و

لە چنگە رنێی هەورازی مەمكدا

ه ە ڵ و ە ر ی ن

ئیدی پەنجەیەك نەمایەوە بۆ شەهادەت!

یا رەحمان و یا رەحیم

یا مەننان و یا كەریم

وەك چۆن خوێنی كوێر پڕ دەكەیتەوە

لە پێكەنینی چرا

وەك چۆن بەرد غەرق دەكەیتەوە

لە تۆفانی دڵ

وەك چۆن كارمامز و گەڵا دەبەخشیتەوە

بە سەحرا

دووشێك لە ئاگرم بدەرێ

پەنجەرەیەكم بدەرێ لە هیدایەت

بمدەرێ پەنجەیەك لە نوور

خودایە لێم ببوورە

لێم ببوورە

لێم ببوورە!

Rojhalat